حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی )

بەناوی خودای گەورە

بابەت: جوگرافیا / کات: ٣:٠٠ کاتژمێر

وەڵامی نموونەیی

ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤- ٢٠٢٥ خولی یەکەم

پەنجەمۆر

A

وەڵامی راست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. لە شێوازی کشتوکاڵی دەریای ناوەڕاست:
A) کشتوکاڵ بە شێوەی چەند پشتێنەیەکی ئاسۆیی دەکرێت B) دامێنە نزمەکان بەداری هە نجیر مێو پڕدەکرێتەوە
C) لە هەندێ کێڵگەدا مەبەستی کشتوکاڵ بژێویە لە هەندێکی تر بازرگانی D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٢. لە شێوازی کشتوکاڵی بازرگانی ڕێکخراو هەر ناوچەیەك بۆ بەروبومێك تەرخانکراوە وەك کێڵگەی دارخورمای ڕۆن لە :
A) ئەمەریکای باشوور B) خۆرهەڵاتی ئەفریقیا C) ئەمەریکای لاتینی D) خۆرئاوای ئەفریقیا

٣. ڕوسیای فیدراڵ و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشت بەو گۆگردە دەبەستن کە بەرهەم دەهێنرێت لە ڕێگەی:
A) فراش B) پوختەکردنی لە گازی سروشتی C) چاڵ هەڵکەندنی کراوە D) پوختەکردنی لە پایرایت

٤. کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاستە :
A) پانی گەرووی جەبەل تاریق لە کۆتایی خۆرئاوایدا ( ٢١کم ) دەبێت.
B) بەشی بەکار براوی وزەی نەوتی جیهان لە ساڵی ١٩٩٤ نزیکەی ( ٤٥٪ ) بوو.
C) لە سەرەتای سەدەی نۆزدە مرۆڤ دینەمۆی کارەبایی دروستکرد و بەرهەمهێنانی کارەبای ئاسانکرد لە هێزی ئاو.
D) ئەو ناوچانەی کە لە بەردی ئاگرین پێکهاتوون خەڵوزیان تێدا زۆرە

٥. کانە مسەکانی ناوچەی ( مەنرۆلا ) لە زامبیا بەوە جیادەکرێتەوە کە کانزایان بە ڕێژەیەکی بەرز تێدایە و دەگاتە نزیکەی:
A) ( ٣,٥٪ ) B) ( ٤٪ ) C) ( ٤,٥٪ ) D) ( ٥,٤٪ )

٦. ئەو ناوچەیە لە کەنەدا لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ئاسنی لێ دۆزرایەوە و ئاسنەکەشی لە جۆری باشەکەیە:
A) ناوچەی لیبرادۆر B) باکوور و خۆرهەڵاتی ناوچەی دەریاچە گەورەکان C) دورگەی نیوفاویلاند D) کۆلۆمبیای بەریتانی

٧. درەختی ..................... لە ئەمەریکای ناوەڕاست و بەرازیل هەیە:
A) ئۆرزی یەکسانی B) ئەبەنوسی ڕەش C) ساجی گەورە D) سنەوبەر

٨. زۆرکردنی ڕێژەی فلزەکان لە خاوەکاندا دوای پاك کردنەوەیان لە خڵتە وەك خەستکردنی ( مس ) بریتییە لە پیشەسازی :
A) دەرهێنان B) گۆڕانکاری C) ئامادەکردن D) بنەڕەتی

٩. گەرووە تورکییەکان ئاوی دەریای ناوەڕاست لە باشوورە و دەریای ڕەش لە باکوورەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، درێژی ئەم ڕێگا ئاوییەی نێوان هەردوو دەریاکەش دەگاتە :
A) ٥٦,٧کم B) ٢٥٦کم C) ٢٤٦کم D) ٥٧,٦کم

١٠. سەیری نەخشە بکە ژمارە ( ١ ) ئاماژەیە بۆ گەرووی:
A) هورمز B) بسفۆر C) مەلەقا D) جەبەل تاریق

١١. بچووکی قەبارەی کێڵگە یەکێکە لە خاسیەتەکانی شێوازی :
A) کشتوکاڵی بژێوی چڕ B) بەرهەمهێنانی سپیایی
C) بازرگانی ڕێکخراو D) ( A و B ) ڕاستن

١٢. ناوچەی دووەمی بەرهەمهێنانی نەوت لە ڤەنزویلا دەکەوێتە :
A) سەر کەناری دەریای کاریبی B) بەندەری سان لورنزۆ
C) خۆرهەڵاتی دەلتای ڕووباری ئۆرنیکۆ D) ژێر ئاوی کەنداوی مەراکیبۆ

١٣. لە دابەشبوونی پشتێنە کشتوکاڵییەکان لە بیردۆزەی ( فون تونن ) لەدووربەری شاردا دورترین پشتێنە بریتییە لە پشتێنەی:
A) دارستان B) کشتوکاڵی دانەوێڵە بەشێوەی خولی کشتوکاڵی
C) ئاژەڵ لەوەڕاندن D) کشتوکاڵی دانەوێڵەی فراوان

١٤. پیشەسازی ئەلەمنیوم، پیشەسازی ئاڕاستەکراوە بەرەو:
A) سوتەمەنی و سەرچاوەی وزە   B) بازاڕ   C) کەرەستە سەرەتاییەکان   D) کارگەران

١٥. سەیری نەخشە بکە ژمارە ( ٢ ) ئاماژەیە بۆ وڵاتی :
A) ڤەنزویلا   B) بەرازیل   C) مەکسیك   D) شیلی

١٦. لە ناوچەرگەی زەوی بڕێکی زۆر خەڵووز هەیە کە زیاترە لە ( ١٠ ) ملیار تەنی مەتری ................ی لە چەشنی ئەنثراسایتە :
A) ٢/٣   B) ٣/٤   C) ٤/٥   D) ٥/٦

١٧. یەکێکە لە کانزا فلزییەکان و لە کاتی پوختەکردنیدا بەوە جیادەکرێتەوە کە نەرمە و بریسکەدارە و گەرمی و کارەبا باش دەگەیەنێت:
A) تەنەکە   B) مایکا   C) بازلت   D) پۆتاسیوم

١٨. لە ئە نجامی پشکنینی جیۆلۆجی دەرکەوتووە کە فۆسفاتێکی زۆر لە عێراق لە ناوچەی عەکاشات هەیە بڕی یەدەگەکەی نزیکەی........تەنە :
A) ٢٠٠٠ملیۆن   B) ٢٠٠٣ملیۆن   C) ٢٠٠٤ملیۆن   D) ٢٠٠٥ملیۆن

١٩. فراوانترین ڕووبەری شێوازی .............لە ئۆراسیا دایە لە باشووری ( ئۆکرانیا ) وە بەرەو خۆرهەڵات درێژ دەبێتەوە بە درێژایی ( ٣٠٠٠کم ):
A) ئاژەڵ لەوەڕاندن   B) کشتوکاڵی فراوانی دانەوێڵە   C) کشتوکاڵی بازرگانی ڕێکخراو   D) کشتوکاڵی تێکەڵ

٢٠. بیابانی کەلەهاری کە بۆشمەنەکان تییدا دەژین دەکەوێتە :
A) باشووری ئەمریکای باشوور   B) باشووری خۆرئاوای ئەفریقیا   C) خۆرهەڵاتی مالیزیا   D) باشووری ئوسترالیا

٢١. سەیری نەخشە بکە ژمارە ( ٣ ) ئاماژەیە بۆ دورگەی:
A) تەسمانیا   B) ئایسلاند   C) مالاگاشی   D) جاوە

٢٢. ناوچەکانی ئەم جۆرە شێوازە کشتوکاڵییە ئاو و هەواکەیان مام ناوەندییەو لە چاو خۆیدا بارانیشی زۆر لێ دەبارێت،فراوانترین ڕووبەریشی لە کیشوەری ئەوروپا و ئەمریکای باکوور دەردەکەوێت:
A) شێوازی کشتوکاڵی تێکەڵ   B) شێوازی کشتوکاڵی دەریای ناوەڕاست
C) شێوازی کشتوکاڵی بازرگانی ڕێکخراو   D) شێوازی کشتوکاڵی فراوانی دانەوێڵە

٢٣. هەردوو بیردۆزی ( ئەلفرێد ویبەر و ئۆگۆست لۆش ) بنچینەی شوێنە ئابوورییەکان دەگرنەوە لە جوگرافیای :
A) پیشەسازی   B) کشتوکاڵ   C) مرۆیی   D) دانیشتوان

٢٤. باشترین نموونە بۆ شێوازی کانزاکاری لە کانە کراوەکان،کانزاکاری ئاسنە لە ناوچەی:
A) میسۆر لە هیندستان   B) رند لە باشووری ئەفریقیا   C) کریڤۆری ڕۆچ لە ئۆکرانیا   D) نۆرماندی لە فەرەنسا

٢٥. قامیشی شەکر:
A) یەکەم بەری لەماوەی ٩-٢٢ مانگ دەدات   B) پێویستە وەرزی گەشەسەندن بۆ ماوەی ٤-٦ مانگ بێ زوقم بێت
C) پێویستی بە ١١٠٠ -١٥٠٠ ملم باران هەیە   D) پێویستە پلەی گەرمی لە ( ١٨° ) کەمتر بێت لەکاتی گەشەکردنی

٢٦. لە کۆتایی شەستەکاندا یەدەگی مسی جیهانی بە ( ١٠٠ ) ملیۆن تەن دانرا، کە ( ٢٥٪ ) لە کیشوەری.......................دایە :
A) ئەوروپا   B) ئەفریقیا   C) ئەمریکای باکوور   D) ئەمریکای باشوور

٢٧. تەسکترین باری پانیەکەی گەرووی بابولمەندەب ( ١٤,٨ کم ) ە کە دەکەوێتە نێوان :
A) کەنداوی عومان و کەنداوی عەرەبی   B) باشووری دوورگەی بریم و دوورگەی سیبا
C) دوورگەی کیشم و گەرووی کلارنس   D) کەناری عومان و دوورگەی بریم

٢٨. ماسی خۆراکی سەرەکی ئەو ناوچانەیە کە دانیشتوانیان چڕە،بەرزترین تێکڕای بەکاربردنی تاکەکەسێك لە جیهاندا دەکەوێتە :
A) نەرویج   B) مالیزیا   C) ژاپۆن   D) ئایسلاند

٢٩. ئینگلتەرا لە ساڵی ( ١٩٦٩ ) دا.......................ملیۆن ( کیلۆوات/کاژێر ) کارەبای لە وزەی ئەتۆم بەدەستهێنا :
A) ( ٢٦,٥ )   B) ( ٢٧,٥ )   C) ( ٢٨,٥ )   D) ( ٣٦,٥ )

٣٠. یۆنان لەو وڵاتانە هەژماردەکرێت کە :
A) ڤافۆن لە دەرەوە دەهێنێت   B) خاوەکانی بۆکسایت لە دەرەوە دەهێنێت
C) ڤافۆن بۆ دەرەوە دەنێرێت   D) خاوەکانی بۆکسایت بۆ دەرەوە دەنێرێت

٣١. یەکێکە لە کانە بەرهەمدارەکانی نەوتی وڵاتی بەحرەین :

A) عەوالی B) مریان C) البرقان D) الغوار

٣٢. سەیری نەخشە بکە ژمارە ( ٤ ) ئاماژەیە بۆ روباری:

A) زەمبیزی B) میکۆنگ C) میسیسپی D) سانت لورنس

٣٣. لەبەر نزیکی لە کانە خەڵوزەکانەوە بایەخێکی زۆری پەیدا کردووە (٥-١٠٪) ی بەرهەمی ئاسنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لێ دەردەهێنرێت:

A) کانەکانی ناوچەی دەریاچە گەورەکان B) کانەکانی چیای ئەپەلاش

C) کانەکانی ویلایەتەکانی ناوەند D) کانەکانی ویلایەتی ئەلەباما

٣٤. مەبەست لە.............ئەو بوارەیە کە مرۆڤ رەنجی خۆی تێدا تەرخان دەکات بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ یان بەخێوکردنی ئاژەڵ:

A) خولی زەوی کشتوکاڵی B) شێوازی کشتوکاڵ C) وەبەرهێنانی کشتوکاڵ D) ئاراستەکردنی کشتوکاڵ

٣٥. کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە هەڵەیە :

A) لە تێکەڵکردنی مس لەگەڵ تەنەکە برۆنز بەرهەم دەهێنرێت.

B) بۆ کشتوکاڵکردنی لۆکە دەبێت پلەی گەرمی لە ( ٢١ ) پلەی سەدی زیاتر بێت.

C) گەورەترین کەڵەکبوونی گۆگردی گرکانی لە چیای ئەندیز کۆبۆتەوە.

D) لە ساڵی ١٩٩٦ بەرهەمی گازی سروشتی گەیشتە زۆرتر لە (٣ملیار) م٢

٣٦. لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان ماددەی خۆراك و ماددەی خاو لە لیستی ناردەنیەکانیاندا شوێنێکی گرنگیان هەیە، ئەم ناردنیانەش بە زۆری تەنیا بەروبوومێکە وەك،وەك لاستیك لە :

A) دۆمنیکان B) لیبیریا C) غانا D) بۆلیڤیا

٣٧. سەیری نەخشە بکە ژمارە ( ٥ ) ئاماژەیە بۆ بەندەری:

A) نارڤك B) بیرا C) باطوم D) سان لورنز

٣٨. ناوچەی سەرەکی بەرهەمهێنانی گەنم لە کیشوەری ئوسترالیا دەکەوێتە :

A) باشووری خۆرهەڵات و باشووری خۆرئاوا B) باشووری کیشوەرەکە

C) باکوری خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاوا D) ناوەند و باشووری کیشوەرەکە

٣٩. گەورەترین و بایەخدارترین کانەکانی نەوت دەکەوێتە :

A) خۆرهەڵاتی ئەوروپا B) خۆرئاوای ئەمریکای باکوور C باکووری خۆرهەڵاتی ئەمریکا باشوور D) ( A و C ) ڕاستن

٤٠. ڕێژەی خاوەکانی ئاسن کە بەشداری چالاکییەکانی بازرگانی نێوان وڵاتان دەکەن لە .............. بەرهەمی جیهان زیاترە :

A) ٣٠٪ B) ٣٥٪ C) ٤٠٪ D) ٤٥٪

٤١. لە پیشەی شوانکارەی سەرەتایی شوانکاران لە بیابانی گەورەی ئەفریقا لە وەرزی هاویندا بەرو..........دادەکشێن کە گیای لێ سەوز دەبێت:

A) باکوور B) باشوور C) باکوری خۆرهەڵات D) باشووری خۆرئاوا

٤٢. لە ساڵی ١٩٨٣ دامەزراوە و نەوتی خاوی لە هێڵی ستراتیژییەوە بۆ دێت و توانای ساڵانەی نیو ملیۆن تەنە :

A) پاڵاوتگەی سەماوە B) پاڵاوتگەی ناسریە C) پاڵاوتگەی قەیارە D) پاڵاوتگەی حەبانییە

٤٣. ................... بەشێوەکی سەرەکی لە بەشە شێدارەکانی بازنەکانی ناوەند کۆ دەبێتەوە وەکو ناوچەی خورئاوای ئەوروپا :

A) کشتوکاڵی بازرگانی B) کشتوکاڵی سەرەتایی C) جەنگەڵە خولگەییەکان D) هیچیان ڕاست نین

٤٤. بە گرنگترین ناوچەی بەرهەمهێنانی نەوت دەژمێردرێت لە روسیای فیدراڵ و گەورەترین یەدەگی نەوتی تێدایە :

A) باکوورو باشووری چیای قەوقاز B) باکوری دورگەی سەخالین

C) ناوچەی نێوان رووباری ڤۆلگاو چیای ئۆراڵ D) کەناری خۆرئاوای دەریای قەزوین

٤٥. ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە پێکهاتنی عەماری گەورەی نیتراتی سۆدیۆم لە ناوچەی بیابانەکانی شیلی و پیرۆ:

A) کارتێکردنی داماڵین B) جوڵەی توێژاڵی زەوی C) تەمەنی بەرد و مێژووە جیۆلۆجییەکەی D) ئاو وهەوا

٤٦. لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەدایە کە لۆکە دەنێرێتە دەرەوە:

A) هیندستان B) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا C) میسر D) سودان

٤٧. پیشەی کشتوکاڵی سەرەتایی لە کیشوەری ئاسیا بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە دورگەکانی باشووری خۆرهەڵاتی کیشوەرەکە وەکو:

A) مالیزیاو ژاپۆن B) مالیزیا و میانمار C) چین و ژاپۆن D) ئەندەنوسیاو فلیپین

٤٨. وەبەرهێنانی کانەکانی خەڵوزی مەنشوریا و کانەکانی ئاسنی بەڕازیل بۆ ماوەیەکی زۆر خرانە پشت گوێ ، بەهۆی:

A) نەبوونی ڕێگای گواستنەوەی ئاسان B) خراپی شوێنی جوگرافی

C) نەبوونی سەرمایە D) دووری ماددەخاوەکە لە ڕووی زەوی

٤٩. ئەو جۆرە خاکەی کە ژمارەی هایدرۆجینی بەرزەو بۆ کشتوکاڵکردن زۆر بە کەڵك نایەت، بریتییە لە:

A) خاکی قوڕی B) خاکی هاوسەنگ C) خاکی تفت D) خاکی ترشەڵۆك

٥٠. هەردوو ئەمریکا بایەخێکی زۆر بە بەخێوکردنی ئێستر دەدەن کە................ ئێستری هەموو جیهانی تێدایە:

A) نیوەی B) سێیەکی C) چواریەکی D) شەش یەکی

